سەماحەتی حەکیم پەیوەندییە دوو قەیەکان و چۆنیەتی پتەوکردنی لەگەڵ باڵیۆزی فەرەنسی تاوتوێ دەکات

لەڕۆژی 3-1-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز ئەریك شەفالە باڵیۆزی فەرەنسی لە عێراق بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی وەك سەرۆکی نێردەی وەاتەکەی لە عێراق، سەماحەتی هیوای سەرکەوتنی لە کاری داهاتووی بە خواست و هیوای سەرکەوتنی بە باڵیۆزی تازەی فەرەنسا لە عێراق دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە گرنگە پەیوەندییەکانی عێراق و فەرەنسا پتەوتر بکرێت و ئەو پەیوەندییە مێژوویییەی نێوان هەردوو وەڵات بە باشی بقەسترێتەوە.

سەماحەتی داواشی کرد شتە هاوبەشەکان پتەوتر بکرێن و پێش بخرین و کاری لەسەر بکرێت، لە هەمان کاتدا گوتیشی پێویستە کەمەلگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتیەکتنی خۆی لەئەستۆ بگرێت سەبارەت بەوەی لە غەزە ڕووداوەکان، هەروەها داوای کرد شەڕ ڕابگیرێت و ڕێگا بدرت هاوکاری مرۆیی بچێتە شارەکە تا سەرکەوتن بە ئەوەی ماوەتەوە لە بەها و ویژدانی مرۆڤایەتی بێت بەسەر ئەوەی ڕووداوەکان لە کوشتنی بەبەرنامەی ئافرەتان و منداڵان و خەڵکی سڤیل و بێتاوان.
سەماحەتی ئاماژەی بە هەڵبژاردنەکتنی ئەم دواییە کرد و گرنگی دەستووری ئەوەشی خستە ڕوو بە ئەوەی سەقامگیری پتەوتر بکات و گەشەپەدان بچێسپێت و دەستپێبکات.